سودانی جەخت لە پەلەکردنی دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم دەکاتەوە

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و محەمەد شیاع سودانی، سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆبونەوە و جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەستبکەنەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت و دوبارە هێناردەکردنەوەی لە ڕێگەی بەندەری جێیهانی تورکیاوە.

نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بڵاویکردەوە، محەمەد شیاع سودانی ئەمڕۆ شەممە پێشوازی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و گرنگترین دەسیە و بابەتەکانی سەر ئاستی نیشتمانیان تاوتوێکرد و بەدواداچونیان بە بەرەوپێشچونی جێبەجێکردنی بەرنامەی حکومەت لەبوار و کەرتە جیاجیاکاندا کرد.
سودانی ئاماژەی بە گرنگی بەردەوامبون لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە هاوبەشەکان کرد، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی پەسەندکردنی دوایین هەمواری یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، بەشێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندیی نیشتمانی بکات و ئابوری عێراق بەهێز بکات و پەداویستییەکانی گەلەکەمان بەدی بهێنێت.
لەو ڕاگەیەندراوەکەدا هاتوە، جەخت کرایەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە کۆمپانیا

نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەستبکەنەوە بە بڕەمەنانی نەوت و دوبارە هێناردەکردنەوەی لە گەڵی بەندەری جێیهانی تورکیاوە.

لە لای خێیەوە نێچیرڤان بارزانی جەختی لەسەر بەردەوامی پێیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی کردەوە، بەمەبەستی هەماهەنگی باشا لە هەمو بوارەکانی خزمەتگوزاری و ئابوریدا، لەچوارچێوەی گەشەپێدان و پشکشکردنی خزمەتگوزاری و چەسپاندنی سەقامگیری.